# شەونم

هۆنراوەی (88)

تاب بنفشه میدهد طره مشکسای تو

خول بە وەنەوشەکان دەدا پەرچەمی پڕ لە چینی تۆ
خونچە دەبێتە گوڵ لەگەڵ زەردە و پێکەنینی تۆ
ئەی گوڵە سوور و ئاڵەکەم بولبولی خۆ لەدەس مەدە
چونکە بەشەو هەتا بەیان پیشەیەتی گرینی تۆ
چاوکە لەدەوڵەتی ئەوین چەندە بڵیندە مەرتەبەی
چونکە بەتاجی سەلتەنەت گاڵتە دەکا ئەوینی تۆ
من کە وەڕەز دەبووم لەبەر هەستی پشووی فریشتەکان
مامەوە لەو هەرایەدا لێرە بەعیشقی دینی تۆ
عیشقتە سەرنویشتی من خاکی دەرت بەهەشتی من
بۆتە هومێد و پشتی من چاوی بەمەی خەوینی تۆ
تاسی مەی و کراسی حەی گەرچی دژی یەکن بەڵام
ئەوهەموو ئاڵ وگۆڕی من مەشقە لەتاو و تینی تۆ
کۆنەکەوای گەدای ئەوین ئاتەگی وەک خەزێنەیە
بۆیە بەشایەتی دەگا سواڵکەری خۆشەچینی تۆ
خەڵوەتە بۆ خەیاڵی تۆ دیدەی شانشینی من
یاڕەبی قەت بەتاڵ نەبێ خەڵوەتی شانشینی تۆ
شۆری شەراب و عیشقی تۆم ئەودەمی دەچتەدەر لەسەر
بێ بەفیدای سەرت سەرم دوای دەم و لێو مژینی تۆ
چیمەنی حوسنە سووڕەتت سەردەمی گوڵ بەتایبەتی
حافزی خۆش قەریحەیە بولبولی هاونشینی تۆ

حافزی حەقیقی